اسماء الله وافعاله الحسنى 14

بسم الله الرحمن الرحيم

(وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) (العصر ١- ٣))،

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد و على آله وصحبه، السلام عليكم و رحمة الله وبركاته.

له خزمەتتان بەردەوام دەبین لـه سـەر دەرسەكانی ناو و كرداره پیرۆزەكانی خوا جل جلاله، له ده رسی پێشترێ له خزمەتتان باسی فیعلی خەلق و جەعل و تەمهیدمان كرد، وه ئەوڕۆ زیاتر تەئكید له سەر حالەتەك دەكەین، كه ئەصلەن دەبی لـه لای ذاتی موتەماریس ئـەوەی بەتەمایه خوای بناسی كما هو، وەكو له قوڕئان مەذكوڕه، دەبی ڕیعایەتی ئەو حالەتەی بكا، كـه قـوڕئان كیتابەكی مه وضوعی نییـه، كیتابەكی ئەكادیمی هی مەكتەبێ نییه، هی جامیعات نییه بەشەر داینەنایه، تەمەشا كردن و نەضرەی لـەبۆ قوڕئان له مستەوای خوای بی جل جلاله، كه كەلامی خوایه، یـەعنی قوڕئان كیـتابەك نییه لـه سعودیه طەبع كرابی بەس، یان طەبعی ئەوقافی ئەڵمانی له ئەڵمانیا طەبع كـرابی، ئـەو نەظڕه نەوعییه تەئثیری لـه سەر (معرفة الله) كردییه سلبەن.

ناسینی خوای جل جلاله، كـه گوتمان: ئەصلەكه پێغەمبەرەكان سەلامی خوایان لێبی، هەموویان هاتینه لەبۆ تەعریف كردنی خـوای، ناسینی خـوای بـە حەقیقەت لـەبـۆ بەشـەر، لۆوەی بەشەره كان هەموویان خوا بناسن كو خـوا دەیەوێ بـەو نەوعەی.

له تاریخ و له واقیعیشمان زۆرمان دەزانین حەتتا جولەكه حەتتا مەسیحی، ئەگــەر لـێیان بپرسی كــێ عــارد و عاسمانی دروست كــردییه؟ كێ ئەمەی دروست كردییه؟ كێ رزقمان دەدا؟ كێ باران دەبارێنی؟ ئەوانیش جولەكه و مەسیحی وه ئەمەش له جواب هەمووی دەڵێین الله دەیكا، ئەمما ئایا ئەو (الله)ی لـه مێشكی وان مەوجوده وەكو ئەو (الله)یه ئەمه دەیناسین، ئەوه فەرقه بەینی مه و بەینی وان، هــەتا ئەمه لەســەر زمــانی پێغەمبەرمان كه وەحی لەبۆ هاتییه، قوڕئانەكەیه، ذاتی الله وەكو الله خۆی بەحسی كــردییه، لەبـۆ پێغەمبەر لــەبۆ مەی نــەقل كردییه، ئەوها نەیناسین فایدەی نییه، فه رقەكی زۆرمان لەگەر وان نابی، ئەگەر نوێژ و ڕۆژو و حەج و زەكات، خێر و خێراتیش بكەین، بەناو حــەلال و حەڕامیش بـزانین، لۆیێ گەورەترین موهیمه كه ئەنبیاء و ڕوسول كردبیان هه موویان، صەلات و سەلامی خوایان لــه سەر بی ناساندنی خــوای به حەقیقەت لەبۆ بەشەر.

پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) مەوجود بوو مەسیحیەکان دەیان گۆ: خـوا هەیـە مولحید نەبوون، خواش ڕەزاقە خوا عاردی دروست کردییە، ئاسمانی دروست کردییە، مانگی دروست کردییە، خـودا باران دەبارێنی، خودا گەنم و دانەوێڵە دەچینی لەبۆمان خـودا ئینتاج دەکـا، ئەوە هـەمووی ئیشی خـودایە، ئەمما لە عەینی وەقتیش قیسمەتەك لە ئەسماء و ئەفعالی خوایان سەحب دەکرد، تە وزیعیان دەکردە سەر خۆیان یان لەسەر مەخلوقاتیتکە، ئەوە موشکیلەی ئـەدیان بـــوو، وە پێغەمبەرە کان ئەوەیان حـــەل کردییە.

ئەگـــەر هاتـــوو ئەمەش وەکو جەمعی صەحابەی کیـــرام خـــوای نەناسین، موحتەمەلـــە زۆر جـــار ئەمەش عیبادەتمان وەکـی عیبادەتی مەسیحی و جولەکەکان ببی، فە لۆیێ ناسینی خـوای وفقـــی قورئان ئەصلە لـــە مەوضوع، زۆر جاریش گۆتیتمان: باری تەعالا کە قورئانی دادەبەزاند، کیتابەکی دیکەشی لەگەر دانەبەزاند، ببتە شەرحی ئەو قورئانەی، قورئان بەتەنێ دەهـاتە خـوارێ، چ قورئانەك چ کیـتابەك چ کیتابی عەقیدە کیتابی عیلـم الکلام ئەوانە لەگەل قورئان نەهاتتە خوارێ، وە هەموومان مەعریفەمان بەوەی هەیە، ئەگەر بهاتبا قورئان ئیحتیاجی بەشەرح بایە باری تەعالا دە یناردە خـوارێ، شەرح، لۆیێ دیارە ئەو قورئانە ئیحتیاجی بە وەسیط نەبووە بە شەرح نەبووە، لۆوە ی نەفەرەك قیت ببتەوە کیتابەك لەبۆ ئەسماء و ئەفعالی خوای دابنێ بە ناوی علم الکلام، یان عەقائید، لۆیێ قورئان لە ڕێی قورئانەوە ئەمە خوای دەناسین، ئەمما چ نەوعـە قورئانەك نـەك لـە سوڕەتی فـــاتیحەوە دەسـت پێ بکاو لە سوڕەتی ناس نیهایەتی بێ، ئیننەما کو پێغەمبەر (صلى الله عليـە و سلم) خوای ناسی تەعاروفی لەگەرخوای پەیاکرد، ئەبەو نەوعەی ئەمەش دەبی خوای بناسین بـەو طەڕیقەیە دەبی خوای بناسین.

پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم)، ئەو قورئانە ئەوهـا هەمووی پێکـەوە هەمووی هەر صەت و چاردە سوڕەت، پێکەوە نەهاتتە خوارێ، مەعلومی هەموومانە ئـەوە ئیجماعی عولەماء و صەحابەی لەسەرە، باشـە کو هاتە خوارێ؟ هەموو عولەماء لەسەر وەینـە قیچ قیچ مەجموعە ئایەتەك مە جموعە ئایەتەك قورئان دەهاتە خوارێ، مەثەلەن بلێین: بیلا تەشبیهـ ئەوە ئەو موصحەفەبی ئەوها نە هاتتە خـوارێ، ئیننەما باری تەعالا لە قیسمی ئەخیری ئەوها سوڕەتەکی بینتە خـوارێ، ئەوە نییە ئـەوانە نینە، دوایێ پاشان سوڕەتەکیتکە بینتە خوارێ، سوڕەتەکیتکە بینتە خوارێ، ئەبەو تەرتیبەی قـورئان دابەزی، لۆ؟ لۆوەی بـەو تەرتیبەی پێغەمبەر خـۆی (صلى الله عليه و سلم) لەگەل جەمعی صەحابەی کیـــرام بەو نەوعەی خـوای بناسن، هـەموو پێکەوە نەهاتە خوارێ لۆوەی یەکەمین (فعل) یان (اسم) ناو یان کـرداری خوای جل جلالە هەتا تەواو لە داخیلی پێغەمبەر وە لە ناو داخیلی

جەمعی صەحابەی کیرام تەواو تێنەگەیشتێندرێ تێینەگات، پاشان تەمرینی لەسەر نەکا لە داخیل باری تەعالا ئیسم و فیعلەکیدکەی نەهینا خــوارێ.

بیــلا تەشبیه منــدار عومری چار ســاری هەتا نەگاتە شەش ساری مێشکی هەیە ئـەو مێشکەی هـە یــە، ئەمما نەگەیشتە ئــەو مستەوایەی حڕوف تێ بگا، بتانی حڕوف ڕسمی لەبــۆ دروست کـا، کـە بووە شەش سالی ئەوجە دەچێتە مەکتەبێ، دەبتە طەلەبەی ئیبتیدائی، نەفسی خانەکانی مێشکیشی هـەیە ، ئەوجـە مامۆستا حـڕوفی فێر دەکا لەگەل حەرف دەنگی فێردەکا، ئەو حەرفە شکلی ئەوهایـە دەنگە کەشی ئەوهایە، ئـەوجە پاشان بـە زەمــان تەمرین دەکا لەسەر ئەوەی، مامۆستا لــەسەر صەبوڕەی لۆی دەنــووسی ئـــەوە حـــەرفی یائـە وەکی شکلی مراوییە، یاء وەکی مراوییە لۆوەی کە طەلەبەکە گچکەیە کە شکلی مراوی هاتە پێش چاو صەوتەکەی بە فکر بێ، (ئی)، وەکـی حەرفی مراوییە شکلی مراویە، (نون) مەنجەلەکە کفتەکی لە ناوە، لۆوەی فیعلەن ئەگــەر مامۆستا گۆتی مەنجەل و کفتە ئەو صەوتەی بەفکر بێ (ن)، سەبر سەبر کـــە حـــەرف فـــێر بوو دەتانی کەلیمە دروست کــا، کە کەلیمە فێر بوو ووشە دروست بکا، دەتانی ڕستە دروست بکــا، جوملە کـــە جـوملە فێری بوو دە تانی ئینشاء و شیعر و نەثر بنووسی، خۆی دەتانی قیصصە و مەقالە و ڕیوایە بخینی، ئەوە هەمووی تەمرینە ئـەوە سوننەتی خوایە ئەوە ئیشی خــوایە، باری تەعالا هەموو وجـــود هــەموو مەخلوقات سەبـر سەبــر فێری کردینە، حەتتا خۆی کە کەونیشی دروست کرد سەبـر سەبـر دروستی کــرد، جوزء جوزء دروستی کرد، قــیچ قـــیچ دروستی کرد، دەشیتانی هەمووی بەیەکجاری بلێ: (كُنْ فَيَكُونُ)(یس ٨٢)، هەمووی ببی، ئەمما ئەوە سونەتی نییە.

نەفسی ئەو سوننەتەی لەبۆ ئیمان دانایە، لۆیێ قوڕئان هەمووی پـێکەوە نەهــاتتە سەر پێغەمبەری، وەکی تازە مەثەلمان دانا، یەکەمین جار سوڕەتی عەلەق هـاتە خوارێ، هەرچی ئیسم و فیعلی خوای هەیە لەو سوڕەتەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تێیگــەیشت لــە نــاو مـێشکی، پــاشان تەمرینی لــەسەر کرد، کە تەمرینی لەسەر کرد ئەوجا لە ناو داخیلی پێغەمبەری زەمینە دروست بــوو لــەبۆ ئەوەی ئیتکە بێتە خوارێ، لۆ؟ چونکی باری تەعالا موهەندیسەکەیە، موهەندیسی چییە؟ باری تەعالا موهەندیسی داخیلە، باری تەعالاش موشریفە لە سەر قوڕئان دابەزاندن، ئیـدی موهەندیس دەزانـــی داخیلی ئـەو ذاتەی کە خەلقی کردییە چەند ئیستیعابی ماددە دەکا، لۆیێ ئەسماء و ئەفعالی خــوای ئیستیعاب ناکرێ هەتا مومارەسە نەکــرێ هــەتا تەمرینی لەسەر نەکرێ.

ئەها کابرایەك دەیەوێ ببێتە لاعیب، دەبی موشریفی هــەبی، دەبی جێیەك ساحەك هەبی، دەبی خۆی لیاقەتی تۆپــانێی هەبی، ئەوجـە مودەڕییەکە سەبر سەبر فـێری دەکــا ئــەوە تۆپە، ئەوە گۆلە ئەوە

ئۆف سایده، ئەوه فلانه حــەکەم ئــەوه ئیشارەتیتی لاقت ئەوها برند دەکەی ئەوها کو تۆپی داوێی، ئه وها تۆپ دەگری سەبر سەبر کــابرا تەمرین دەکـا فـێر دەبی، ئـەوەی ئاسنی هـەڵدەگری، هەموو مەخلوقات ئەوه بەو نەوعەی فێر دەبن، ئەوه تەمرین دەکرێ بەو نەوعەی فێری دەبــن، ئەگەر ئەو میثالەی قەلب کەین لەبۆ ناسینی خوای به عــەینی تەجروبه بــه عەینی تەمریــن دەبی له ناو داخیلی ئینسانەکەی ئیستیعداد هەبی لەبۆ ناسینی خوای.

لۆیێ له سورەتی فاتیحه که دەچینه سورەتی بەقەره بەلێ دەخینین هەمووی، ئەمما فیعلەن مەقامی قورئان جارێ لەکنەمه نەبوویته کـلام الله، وەکی کابرایەکی شورطی که فیکەی لێدەدا لەبۆ ساحێب سەیاره، له نــاو سەیارەیه یەکسەر ڕایدەگری به فیکەی ئیشارەتی لۆ دەکا، دەستی ئەوها دەکا یەکسەر کابــرا له جێی خــۆی جـەمب دەکا ڕادەوەستی، ئەمه وەمان لێ نەهاتییه بەقــەد ئائــەو سایەقەی نــاو سەیارەکەی، دەستی نــاو لەپی کــابرای شورطی مرور ئەوەنده تەئثیرمان لێ بکــا و ڕامــان بگــری، چونکــی لــەبــۆ سایقی نــاو سەیارەی ستێرن بەدەست سوکانی گرتییه، که ناو لەپی وه لێکـرد تەطبیقی نەکـرد، عوقوبەی لــه پێش چــاو هەیه سایەقەکه ڕەقەمی دەگری موحاسەبەی ده کا، ئـەو قەڕاری مـرورە لـه نــاو مێشکی کــابرای سایەق، جێی هەیه وقعی هەیه ئەمه جارێ وه مان لێنەهاتییه، لۆ؟ کابرای سایەق ئیعتیبار لەبۆ ساحێب قانونەکەی هەیه له ناو داخیلی، لۆیێ که شورطی مـرور بــه نـاو لــەپی پیشانی کــابراىدا یەکــسەر ڕایدەگری، ئەمما ئەمه ئەوەنده ئیعتیباره مان له بۆ کلام (الله) نییه، لۆ؟ چونکی خۆمان (الله)مان نەناسییه، لۆیێ که دەچین له قورئان و له موتابەعه کردن، ئەوه طەبعەی سعودیه و ئــەوه طەبعەی ئەڵـمانییه و ئـەوه طەبعەی لوبنانه، ئەوه موفرەداتەو ئەوه فلانه، عیلمەن هەر قورئانان دەگۆڕین قورئانیش نەفسی قورئانه، لـه نـاو داخیلمان ئەثەری نییـه.

لۆیێ موهیم ترین شت دەبی فیعلەن ئەمه ئیستیعابی ئەوەی بکەین، تێبگەین (اسماء الله و افعاله) ڕا چەتەك نییه بدرێته ئینسان، که پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەفەرمی قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ اسْماً مِائَةٌ إِلاَّ وَاحِداً مَنْ أَحْصَاهَا كُلَّهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ)(١٠أحمد)، به مه وضوعی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلـم باسی ئەوەی دەکــا، وەکو بـلا تشبیهـ تەربیه کیتاب طەبع دەکا لەبۆ صـەفی یەکی ئیبتیدائی، کیتابەکــه له کن طەلەبەکەی مەوجوده له گــەل خــۆی دەیباته مالێ و دەیهینته مەکتەبێ، ئەمما هەتا مامۆستا وانــەی سییەم لەبۆی شەرح نەکا طەلەبەکه وانەی سییەم ناکاتەوه بخینی، مەقصەدی پێغەمبەری صلی الله علیه و سلم، لەو حەدیثەی ئــەوەیه، نــەك

ئەمە بچین حەدیثەکە هەر نەوەت و نۆ ئیسمەکەی فیعلەکەی خوای لەبەر کەین، وەکی تەسبیح بی دە نکە تەسبیحی هــەر لــە ذهنمان بی.

حالی مــە وەکی حــالی ئەو ذاتەیە ئەو کابرایەیە نەخۆش بی بچێــە کن دختۆریش دختۆر نەخۆشیە کەشی لەبۆ تەشخیص کرد، ڕەچیتەشی لۆ نووسی ئەمما ڕەچێتەکەی لــە گیرفانی دانێ، نەچێتە صە یدەلیەی دەرمــانی پێ بکــڕی، یــا ئەگــەر چووە کن صەیدەلیەش دەرمانەکەشی کــڕی دەرمانەکەی نەخــوا هەر لــە گیرفانی دانێ، لەمــە بپرسن ئەو کابرایە عاقلە؟ دەلێین: نەخێر عەقلی نییــە، نە قصی هــەیە دەبێ موراجەعەی خــۆی بکا.

لۆیێ دەبی (اسماء الله و افعاله)، لە قورئان دەرچی قورئان موهەیمین بی، قورئانیش نەك قورئانە کی ئەوها هاکەذایی، حــي (الله)بی نەء، قورئانەك کو تەفاعولی لەگەر ذاتی داخیلی پێغەمبەر دروســت کــرد، لەگەر عومەری دروســت کــرد، لەگەر مصعەبی دروســت کــرد، عبدالرحمن کــوری عــەوفی دروست کرد، دەبی بە عەینی ئوسلوب بی بە عەینی ئوسلوب، ئەوجە وەکو طەلەبە ی ئیبتیدائی وەکو کابرای لاعب وەکو ڕەبباعەکە کە ئاسن هەڵدەگری، سەبر سەبر ئیسمی یەکــەم پاشان فیعلی یەکەم، بــەو تەرتیبەی لە سورەتی قەلەمەوە لەبۆ سورەتی عەلەق لەبۆ سورەتی مــزمل لەبــۆ سورەتی مدثر، لەبــۆ سورەتی فاتیحە لەبۆ سورەتی شمس الی آخره، بەو نەوعەی بەو تەرتیبە ی هەتا سەبر سەبر برند دەبی، ئەو وەختی فیعلەن لە داخیلی ئەو ذاتەی (معرفة الله) دروست دەبی، کە (معرفة الله) دروست بوو ئــەو وەختی فیعلەن دێ عیبادەت دەکا کو خوا دەیەوێ عیبادەت بکا، خــوا کوی ویستییە عیــبادەت بکــرێ ئەبــەو نەوعەی ئــەو ذاتــە عیبادەت دەکا، ئەو وەختی نوێژی دەگۆڕێ وەکــی نوێژی مــە نــابی، کــە ئێستا پێشی قیچەکی کردمان، نوێژەکەمان ئێستا ببتە فلیمەك لــە پێش چــاومان، مەلائیکەت کــو ئەو نوێژەی دەبینی ئــەمەش بــەو چــاوەی ببینین، موحتەمەلە خۆمان بەریء کــەین لەو نوێژەی، طــاعەت و عیبادەتمان ئەغلەبی ئەوهــایە، ئەوە لەبۆ مەئمورات، ماعەدای وەی لەبۆ مەنهیاتی خـــودا لــە زۆر جێ فەرمویتی: ئەوەی مەکە، ئەمەی گەنج تەبریر دە بینین لەبۆ خۆمان لەبۆ کردنی، خۆمان ئیقناع دەکەین لۆوەی شتەکەی بکەین، لەمە وابی ئەگەر ئەمە خۆمان ئیقناع بووین خــواش ئەوهــا ئیقناع دەبی،ئەوە زۆرلەناومان هەیــە.

فە لۆیێ وفقی ئەو تەرتیباتانە هەتا خوا نەناسرێ فایدەی نییە، با هەر ئیسم و فیعلەکانی خــوای لە نــاو مێشکمان مەوجود بی، هەتا نێیەتە خوارێ بەناو داخیلمان وە ئەو داخیــلە تەمرینی لەسەر نەکــا، وەکو طەلەبە کەی وەکو عەددائەکەی وەکو مامۆستایەکەی، هەتــا تەمرینی لەسەر نەکرێ جوهد و زەمەنی لەسەر صــەرف نەکــرێ ئەو ئەسمائانە هەر وەکی غێمەکی وەکی هەورەکــی پەڵــە هــەورە

کـی لەسـەر سەرمـان دەمینێ نایەتە خوارێ، نابەسترێ سەبر سەبـرسەبر سەبـر هەواو تۆز و ئیعصـار و مەشاکیل و فیتەن و واقیع لایدەبا، تەصەورمان وەکی تەصەوری کابرایەکی مەسیحی لێ دێ، با ئەمە نەرێین عیسی کوڕی خـوایە با وە نەڵێین، ئەممـا لە داخیلی خۆمان وە دەزانین باری تەعالا، کأنە زۆر جار نامان بینی زۆر جـار ئـەو ئیحساسە دەکـەین، یا خـودا گێی لەمە نییە، خودا موڕاقەبەمان ناکا، ئەوەی ئەمـە دەزانین کـأنە خـودا ئەوەندەی نازانی، موحتەمەلە خودا فێری لێبکرێ، موحتەمەلە لەگەر خوای دیبلۆماسییەت بکـرێ، تەفەنون بکـرێ مادام ئەمـن دەتانـم مەسئولی حزبی خۆم لە تەنظیمی ئیسلامی ئیقناع کەم، دەتانم ئەوهاش موحتەمەلە خوای ئیقناع کەم، ناء، مادام دەتانم لە سەر وەی مڕاوەغە بکەم پەناو پێچی لەگەر بکەم، دەکرێ چونکی شەڕائیحی پێش چاومان نوقاطی ضوعفمان لێی دیتییە، ئەو نوقاطانە تەئثیری لە مێشکمانی کردییە، ئینتیقالی زۆر شە ڕائیحی دینی دەکەین ئەمە خۆمان ئەمەی گەنج، لەبەرئەوەی ئەوەندە مومەثیلی دینین، کـأنە فیعلەن صاحبی دینەکەش ئەوهایە، و العیاذ بالله، ئەوە فێرەکە شەیطان پێمان دەکا، ئەوە هەمووی موقەدیمات بوو لەبۆ مەوضوع.

لۆیێ لـە حەفتەی پێشترێ بەحسی سێ فیعلمان کرد، فیعلەکان بە تەرتیب هـــاتینە لـــە قوڕئان، یەکە مین جـــار گوتمان: مەفهومی کەلیمەی خەلق چییە؟ کە باری تەعالا فەرموویەتی: (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً (المدّثر ١١)، (وَجَعَلْتُ) ئەوە نوقطەی دووەم بوو، (وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً وَبَنِينَ شُهُوداً وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيداً ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيداسَأُرْهِقُهُ)(المدّثر ١٦)، خۆی (صَعُوداً)، عیلاقەی خەلق چ بوو بە جەعل؟ عیلاقەکی پتەو هـەبوو لە بەینیان.

گـوتمان: خەلق ئەوە مەعنایتی هەتا خەلق نەبی جەعل نابی، ئەو برادەرە ئەو گەنجە کە دەچتە ماڵێ، دەبی فیعلەن مومارەسەی فیعلی خالقییەتی خوای بکا لە داخیلی، ئەوەش لـە چۆنییەتی دروست کـردنی ئیمان باسمان کـردییە، لـە شانزدە کاسێت، کو فیعلەن مومارەسەی ئەو حالەتەی دەکا لە داخیلی، فیعلەن خودا بە خـالیق دەناسی، کە چاوی کەتە سەر تەیرەکی، یەکەمین جار (الله)ی دێتە پێش چاوی، کەلیمەی الله، چـونکی الله ئائەو ڕەنگەی دایتــە ئەو تەیرەی، الله جل جلالە تەلوینی کردییە، الله ڕسمی گرتییە، الله ئەوهـا شەفافی دانایە کــە ئـاو لە نـــاو پەرداغی دادەندرێ یەکسەر کە تەماشا دەکـا یەکسەر (الله)ی بە فکـرد ێ، (أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاء الَّذِي تَشْرَبُونَ)(الواقعة ٦٨)،ئا کــە خواردن دەخوا تەماشای برنجی دەکا، سپیاتی برنجی ڕەنگی میوەی الی آخرە، هەرچی دیت کەلە داخیلی مومارەسەی کرد، الله خالیقە، ئەو وەختی فیعلەن ئەوە بوعدی خالقییەتی خـوای لـە داخیلی دروست بوو، ئەوجە پاشان جاعلییەتی خوای لە داخیلی دروست دەبی.

(وَجَعَلْتُ)، گوتمان: کەلیمەی جەعل قووەتی لە خەلق وەردەگری، هەتا خەلق نەبی جەعل نابی، گوتمان کێ جەعلی کرد؟ الله، ئەوەشمان بە تەفصیل بەحس کرد، پاشان تەمهید پاشی خەلق و جە عل، ئەوجە تەمهید دێ، باری تەعالا وەدەکا خەلق و جەعلەکە ئیش بکا ئەگەر ئیش نەکرێ بە خەلق و جەعلەکەی، ئەو بەشەرییەتە ئەو مەخلوقاتانە ناتانن دەوری حەقیقەتی خۆیان ئەدا بکەن، ئەوە مە فهومی کەلیمەی تەمهید بوو، ئەگەر ئەوها نەکرێ باری تەعالا وازی لێ دەینی؟ نەخێر ئیجازەکی موئەقتی دەداتێ، دەرێ هەتا کابرا خۆی موراجەعەی خۆی دەکا، پاشان (سَأُرْهِقُهُ) سجنی باری تە عالای هەر لە دونیاێرا دەست پێ دەکا، هەتا ئاخیرەت، جەهەننەمی باری تەعالا لە دونیاێرا دە ست پێ دەکا، ئیرهاق لە دونیاێرا دەست پێ دەکا،)(سَأُرْهِقُهُ صَعُوداً)، ئەوجە پاشان مەراحیلێتکە دێ ئەوانە هەموو بەو تەرتیبەی، ئەوەم زۆر پێ موهیممە خەتی سۆر لە بن ئەو حالەتە، بەو تە رتیبەی هەتا هەضم نەکرێ، ئینسانەکە لە مێشکی خۆی نەینووسی، پاشان تەحویلی نەکاتە داخیلی بە تەمرین کردن، تەمرینی لە سەر نەکا، قەناعەتتان هەبی خوای وەکی کابرای مەسیحی دەناسی، هەر ئەوەندە.

ئەوجە پاشان فیعلەکیتکە دێ کە زۆر زەقە لە قورئان، ئەمە زۆر موتەئەثیرین بەو فیعلەی، زۆر جار ئەمەی ئیسلامیین کە ناومان لە خۆمان نایە ئیسلامیین، وفقی ئەو فیعل و ئەو حالەتە لەگەل موجتەمەع و بەشەرییەت تەعامول دەکەین، لە جێیەك ئائەو فیعلە پەنجا و شەش جار هاتییە، لەناو قورئان لە سورەتی فاتیحەوە هەتا قل اعوذ برب الناس، پەنجا و شەش جار جارەك هاتییە، سەد وشازدە جار جارەك هاتییە نۆزدە جار هاتییە نۆ جار هاتییە پێنج جار هاتییە دوو جار هاتییە، هەر جارەکیش بە شکلەکی هەر جارەك بە شکلەکی، لۆوەی فیعلەن وەکی طەلەبەی ئیبتیدائی، مامۆستا حە رفەکانی پێ فێرکرد پاشان بتانی حەرفەکان ڕەبطی یەك بکا و ووشەی پێ دروست بکا، کە ووشە فێر بوو بتانی ڕستە دروست بکا، کە ڕستە فێر بوو ئەوجە سەبر سەبر سەبر مومارەسەی کرد، کێ دە لێ شاعیری لێ دەرناچی، یەکەکی وەکی ئیمامی عومەری لێ دەردەچی، کە فیعلەن ببتە حاکم ببتە قاضی قەضائی پێ بکرێ، نەك دەست و پێ سپی بی.

پاشان موصعەبەکی لێ دەرچی، بتانی کە قسان دەکا وەکو سەفیرەك لەگەل موقابیل ئیقناع بکا، حەقی پێیە بتانی عەبباسەکی لێ دەرچی کە دائیرەی ئەمنی ئەو زەمان بوو، بتانی ڕوبعییەیەکی لێ دەرچی کە قسەکانی ئەوان تەقدیرکەی بەرامبەر کیسرا، لەتو وابی سەعد مەعهەدی لۆ کردتەوە و فێری ئەو قسانەی کردییە، خالیدەکی لێ دەرچی بزانی کەینێ شیر ئیستعمال دەکا، وە بە چ ئسلوبەك ئیستعمالی دەکا، ئا ئەوانە هەمووی لەبۆ وانە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم)

کولییات و مەعاهدی دروست نەکردبوو، خـودا ئەوانـەی دروست کرد ئەوانە هەموو لە کولییەی خوای تەخەڕوجیان کرد، کو؟ پاشی ئەوەی کە خوایان ناسی، قەناعەتتان هەبی هـەموو بەشەرەك ئـە و مەلەکەتانەی هەیە، ئەو مەواهیبانەی لە ناو داخیلی مەوجودە، ئەمما هەتا خـوا نەناسی کە کو خـوا دەیەوێ، خودا ئەوهای دروست ناکا کە ئەو دەیەوێ، زۆر جـار مەثەلەن: وەستا لـە ئەثنای بینـا، وە ستا وعەمەلە کرێکار دیوارەکـی دروست دەکا، هەتا کەرپوچی عەقل نەگـری لـە بینایەکـەی بـە کاری نایەنی، بـا عەمەلەکەی بـن دەستی کـەرپوچی لۆ هەردا، چونکی لەمەزەندەی خۆی کـە دایدە نێ ئـەو کـەرپوچـە ئەگـەر ڕێك لەگـەر ئـــەو جێیەی نەیێ، زەرەر لە دیوارەکەی دەدا، دەبی لەجێی دی پڕی بکاتەوە زەرەرەکەی، لۆیێ ئیحتیاج بــەو ماندیبوون و بەو زەحمەتییەی ناکا.

هەتا ئەو ذەواتانە دیسـان (و لله المثل الاعلی) هـەتا ئـەو ذەواتانە دیسان نەوعی وەکو أبوبکر شەرط نییە ناوی أبـوبکـر بـی، بـا نـاوی سیروان بـی نەوعـی وەکـو ئیمامی عـومەر نـەوعی وەکو موصعە ب نەوعی وەکو خـالد، دیسان ئیستعداد نەبـی لـەبـۆ دروست بـوون، عیلمەن داخیلی قـەلبی چاوی گێی دەوی پەنجەکانی، أبو بکر و عمر و موصعەب و عـەمـمار و طەلحە، فەرقی نـەبوو هەمووی یەك نەوع بوو، یەك مەعمەل دروستیانی کردبوو، ئەممـا داخیلیان داخیلیشیان ئـــەو موهەندیسە لەسە ری، هـــەتا دیسان ئەو ذەواتانە ئیستیعدادیان نەبـــی لـــەبــۆ وەرگرتنی ناسینی خـــوای، وە وفـــقی طە ڕیقەی دیســان خوای خوا موهەندیسە، نەفسی ذەوات دیـسان ئیعــادە نـەبتەوە لـــە بیناء لە دروست کـردن، ئەمە هەر وەکی تەزبیحی ئەو سەر و ئەو سەر بەو دینەی دەکـەین، دائیمەن ضەحییەمان زیاترە لـە قازانجمان لە کەسبمان، تەقدیمان زیاترە لە ثەمەرەمان، دائیمەن ئائەو دائیرەیە ئـەو فە ڕاغە موستەمیر دەبی لـە تیکرار و ئیعادەی.

لۆیێ دەبی نەفسی حالەت دروست ببی نەفسی حـالەت دروست ببـی، لۆوەی ئـەو وعـودانەی کـە باری تەعالا دایـتی لەبۆ جەمعی موئمینین بێتە جێ، وەکی تازە بەحسیشمان کرد خودا قانونی هەیە پازنادا لـەسەر قانونان، قانونی خۆی ئیهمال ناکا، (فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلاً وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلاً) (فاطر ٤٣)، ئەگـەر سوننەتی خـوای لەسەر ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و هــەموو وجـود بی، ئەولاتـرە سونـنەتی خـوای هـەبی لـەبۆ ئیـمان دروست کردن و ناسینی خوای، لۆیێ هەتا مە فهومی خەلق لـە داخیل دروست نەبی کـەخـودا خـالیقە جەعل نایەتە پێ، جەعلیش دروست نەبی تە مهید نایێ، ئیستیسلام لـەبۆ ئەوەی نەبی (رهق) دروست دەبـی کە باری تەعالا دەیکا.

لۆیێ باری تەعالا لە خـوایەتی خـۆی ئینسیحـابی نەکـردییە، ئیمانتان هەبی نەفسی خوای (محمد)ە نەفسی خوای موصعەب و خالیدە، نەفسی خوای طەلحە و زوبەیرە، نەفسی خـوای ئەو قوڕئانەیە ئە

و قورئانەی ئیشی پێ دەکرد لە سەر وان، نەفسی قورئان و نەفسی خوایە، بەس ئەمە هەوبین، ئە مە ئەو ذەواتانە بین، لۆیێ پاشی مەجموعەی ئایاتی بیست ونۆ و سی، باری تەعالا دەفەرموێ: (وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَاناً وَلَا يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْمُؤْمِنُونَ وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِيقُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا مَثَلاً كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَى لِلْبَشَرِ (المدّثر ٣١)، لە سەر مەفهومی کەلیمەی (یشاء)، ئائەوە مەقصودمانە ئە ورۆ.

باری تەعالا سی و یەکەمین ئایەتە لە سێ یەمین سورەت، کە دابەزی لە سەر پێغەمبەری (صلی الله علیە و سلم) کەلیمەی (یشاء) گوتمان: بە کەلیمەی (شآء) پەنجا و شەش جار هاتییە، لە قورئان، (شئتم) پێنج جار هاتییە، (شیئت) سێ جار هاتییە، (شئتما) دوو جار هاتییە، (شئنا) پێنج جار هاتییە، (نشاء) نۆ جار هاتییە، پاشان (یشاء) صەت و شازدە جار هاتییە، ئەوە حەتمەن مەوقیعەکی جوغرافی هەندەسی موعەییەنی هەیە لە داخیلی ئینسان.

بێین بزانین کەلیمەی (شاء) کووە؟ وە زۆرجار ئەمە کو تێیگەیشتینە؟ (وَمَا تَشَاؤُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ)(التكوير ٢٩)، (يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ)، دوو شتی لە دەستە، ئیضلال وە هیدایەتدان، هیدایەتدان لەگەل گومرایی کردن هۆردووك باری تەعالا لەبۆ خۆی ڕەبط کردییە، لە پێشترێ بەحسی خەلقمان کرد لیقائی پێشترێ بەحسی جەعلمان کرد، بەحسی تەمهیدمان کرد، بەو نەوعەش باری تەعالا ماددەی ئەوەلی لە خەلق و لە جەعل و لە تەمهید لە ناو داخیلی ئینسانی دانایە، لەبۆ هیدایەت و ضەلال، بیلا تشبیهـ باری تەعالا گوتمان: خالیقە جاعیلیشە، مومەهیدیشە لەبۆ هیدایەتتدان هیدایەتتدانی ئینسان، پەڕەکی سپی خاوێنی دانایە، باری تەعالا خۆشی هاتییە جوملەك شت لە ناو ئەو پەڕە سپییەی نووسییە، ئەوەی چاکە نووسیتی گۆتیتی بیکە ئەمن ئە وهام دەوێ، ئەگەر دەتەوێ ئەمن ڕازی کەی ئەوهام دەوێ ئەمن، باری تەعالا هەمووی نووسییە خراپەکانیشی نووسییە، عوقوبەت دەدەم توشی جەهەننەمت دەکەم ئەوانەشی نووسییە، ئەوجە پاشان گۆتیتی ئەوجە برۆ کەیفی خۆتە.

لۆیێ مەفهومی صەحیح لە قیرائەی ئەو ئایەتەی ئەوەی بیەوێ پاشی ناسینی خوای بە خالیق بە جاعیل بە مومەهید، ناسینی خوای بەوەی دەیەوێ خوا هیدایەتیبدا، ئەو لایەنەی کە باری تەعالا بە دەستی قودرەتی خۆی لە ناو داخیلی نووسی، ئەو کابرایە هیدایەت بدرێ ئائەو لایەنە زیاد دە کا لە داخیلی خۆی، ئەوجە ئەو بە خودای دەلێ یا ڕەبی هیدایەتم بدەی باری تەعالاش دێ لە سە

ری بینا دەکـــا سـەر لەنوێ شتی لەسەر دادەنێ ئیضافات دەکا، ئائـەوە مەفهومی کەلیمەی (مشیئة)یە (يَهْدِي مَن يَشَاءُ).

لـە مەفهومی کەلیمەی تەعلیم، عەلامەت دانان گوتمان: بـاری تەعالا جیهازەکی ئەوهـای لـە داخیلی مەی دانایە، هەرچی پێی باش بی لەوەی لەسەر وەی تەسجیل کردییە، هـەرچی بـاری تە عالا لـەوەی پێ باش بی لەسەروەی تەسجیلی کردییە، هەرچی خراپیش بی لەسەروەی تەسجیلی کردییە، ئەوجە گۆتیتی: ئەوە چاکەکەیە ئـەوە خراپەکەیە، ئەگـەر کابرا لە سورەتی بیدائی مەعنای کەلیمەی خەلق، مەعنای کەلیمەی جەعل مەعنـای کەلیمەی تەمهید تێ گـەیشت هەضمی کـرد، ئـەو وەختـی فیعلەن ئیستیعداد لەبۆ داخیلی خۆی ئامادەگی لـەبۆ داخیلـی خـۆی لـە داخیلـی خـۆی دروست دەکا، دەرێ یا ڕەب هیدایەتمدە ئەوجە، ئەو وەختی خـودا جـل جلالـە هیدایەتی دەدا.

ئەممـا ئەگـەر هاتـوو هـەرچی مەخلوقە لە دیواریدا گێ و چاوی خۆی قـەپات کـرد، هـەرچی ئایـە ت دەبینـی ئـەوە نەخێر ئـەوە ئـی خوای نییە، ئەوە وجود دروستی کردییە، ئەوە موصادەفە دروستی کـردییە، ئـەوە قانونی فـلانییە دروستی کـردییە، ئـا هەرچی دیت هەرچی بە مێشکی داهات بە ذهنی داهـات هەمووی لـە دیواریدرا، ئـەو وەختی مەفهومی خەلق لە مێشکی سەحب دەبی، لادەچی لەبەر ئەوەی قووەتی کەلیمەی جەعل لــە خەلقەکەی وەردەگری، ئەویش لادەچی، تەمهیدەکە ش قووەتی خـۆی لـەو دوو فیـعلەی سابقی خـۆی وەرگرتییە، ئەویش نامینێ، ئیدی وەکو کابرای چاوی هەیە ئەمـما قەپـات دەکـا، گێی هەیـە دەبیستی جیهازەکەی کامیلـە، ببیە دختۆری دەڵێ بابە چـاوی شەش لەسە شەشە دەبینـی، گێشی کامیلـە چ عەیبـی نییـە، ئەممـا خـۆی قورقوشمی لـە گێی نایە، خۆی چاوی قـەپات کـردییە توند، لۆئەوەی هـیچ نەبینـی و هیـچ نـەبیستی، خۆ باری تەعالاش (والعیاذ بـالله) شاگردی نییـە بێتـە خـوارێ بـە زۆر چاوی بکـاتەوە، بـە زۆر گێی بکاتەوە ئائەوە (یضل)، ئەوە مەفهومی (ضلالــة).

ئیذەن (يَهْدِي مَن يَشَاءُ) کێ؟ من یشاء الهیدایة فان الله یهدي، کێ بیەوێ خودا هیدایەتی بدا خوا هیدایـەتی دەدا، ئەممـا ئەگەر کابرا عەمدەن عەکسەن هەر لە خۆڕا لەو گۆڕەی ویستی خوا هیدایەتی نەدا، خواش هیدایـەتی نادا، ئـەو دەرێ خـوایە هیدایەتم مــەدە، ئەصلەن ئەگەر هیدایـەتی بوو دەبی واز لە عارەقی واز لـە خراپەکاری، واز لــە دزی واز لـە ظولـم و زۆرداری لەوانـە هـەموو وازبینی، دێ لێك دەداتەوە و (الله)ی زەحمەتە واز لـە دووان بینم واز لە دەیان ناتانم بینم، طەبیعەتم ئەوهایە پێم ناکرێ، ئێ خواش خۆ حەرەسی نییە، و العیاذ بالله، بێتە خـوارێ برێ: ئائەو ئارەقەمان کردە بەرد با نەیخوا، ئەو قومارە با ببتە ئاو ئیستعمالی نەکـا، ئــەو مێزە بڕمێ کـە قومارەکەی لە

سەر دەکا، باری تەعالا ئەوە ئیشی نییە، ئەو وەختی خوایەتی و عەبدایەتی نامینێ لە گۆڕێ، ئەو وەختی ڕیسالە دەوری نامینێ ڕەسول دەوری نامینێ، قوڕئان و ئینجیل و تەوڕات ئەوانە هیچیەك دەوریان نامینێ، و العیاذ بالله، دەبی باری تەعالا دەبی ببتە حەرەسی ئەو عالەمەی، قل قل ئەوە گێی بگری ئەوها مەکە و ئەوە فلانی کرد ئەوها مەکە، ئەوە ئیشی خوای نییە، باشە (یضل من یشاء)، فیعلەن ئەوەی کە بیەوێ خودا ضەلالەتی بکا، کەینێش کە چاو و گێی هەمووی قەپات کرد (يَهْدِي مَن يَشَاءُ)، بییەوێ فیعلەن خواهیدایەتی بدا.

ئیذەن ئەمە بەشەر تەحەککوم دەکا بە هیدایەت و ضەلالی خوای، ئەمن دەرێم خوایە حەقت هەیە هیدایەتم بدەی دەیەڵادەی هیدایەتم بدە، وەرە هیدایەتم بدە بەو نەوعەی ئەتو دەتەوێ، ئیستیعدادم هەیە ، هەتا ئەمن لەخۆ ڕانەبینم لۆ کولییە خیندنێ، دەرجەی صەفی شەشم نەبی، هیچ ئیستیعدادم لە داخیل نەبی، مەعقولە ڕەئیس جامیعەی بێ یەخەم بگری ئیلا دەبی ببیە طەلەبەی کولیەی فلانی، ئەمە ئەوهامان قەراردا ئیلا دەبی بێی، کورە بابە حەزم لێ نییە، لەگەل طەبیعەتم ناگونجێ، ئینسانە کی حاشاکی شێتیش ئەوەی تەحەمول ناکا قبور ناکا، نە عەدالەتە نە موساواتە نە حورییەتە، هیچ نییە ئەوە، باری تەعالاش نایکا.

ئەمما ئەگەر فیعلەن ذاتەکە چاوی خۆی قەپات نەکرد، بەعضە جار کۆر دەکا چاوی خۆی کۆر دەکا بە جارەکی، بەعضە جاریش لۆیێ باری تەعالا دەفەرموێ: (غشاوة)، گێی قەپات دەکا، چاوی قەپات دەکا، ئەو وەختی باری تەعالاش ئەوهات لێ دەکا، ئەمما ئەگەر هاتوو چاوی کردەوە هەرچی دیت بەرامبەرە خۆی فلان مەخلوقە فلان مەخلوقە، باری تەعالاش داخیلی ئەو ذاتەی ئیعداد دەکا، کە ئیعدادی کرد ئەوجە باری تەعالا دیسان سەر لە نوێ هیدایە تی دەدا، ئەها لەناو کوردەواری خۆمان دەڵێین: خودا هەتا چیای نەبینی بەفری ناوێتێ، (ولله المثل الأعلى)، نەفسی صیفەتە نەفسی شتە، لۆیێ دەفەرمووێ: (يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ)، أي هذا الشخص يريد الضلال، ئەوجە خودا جل جلالە ضەلالی دەداتێ، (ويَهْدِي مَن يَشَاءُ)، (من)ەکە لەبۆ بەشەرە کەیە، نەك لەبۆ ذاتی (رب العالمين)ە، بیەوێ هیدایەت بدرێ ئەو ذاتە وەسائیلی هیدایەت هەیە لەبۆ هیدایەت دەچی، بیەوێ لەبۆ ضەلالەت بچی لەبۆ ضەلالەت دەیبا باری تەعالا، ئائەو فیعلە فیعلی ڕەئیسی باری تەعالایە جل جلالە، وە باری تەعالا هەتا قیام الساعة هەتا ڕۆژی قیامەت بەو نە وعەی تەعامول لەگەر ئەو ذەواتانە دەکا.

لۆیێ باری تەعالا کەسی بە کافر خەلق نەکردییە بەتاتەن، ئەو هەموو ئەو کافرانەی کە دەبینین ئە مە هی شەرق و غەرب، هەمووی بە ئیمان و بە فیطرە خەلقی کردینە، ئەما ذاتەکە عەمدەن عە

کسەن چـاوی خـۆی قەپـات دەکـا و حاشاکی خۆی کەڕ دەکـا گێل دەکـا، لۆوەی فیعلەن ببتە کافر، بــاری تەعالاش خــۆ حەرەسی نییـــە، وەکــی طەلەبەکــەی وەکــو مۆظەفەکەی، نەتیجـە چییە؟، ئیستینتاجمان چییە لەو فیعلەی باری تەعالا؟ لۆوەی فیعلەن ئەمە لەگەل خۆمان ماندیبین، لەگەل داخیلی خۆمان ماندیبین، تەمرین بکــەین، چاکیی بەحسمان کرد، کە ڕەچەتەك نییە دختۆر لەبۆ ذاتە کەی بنووسی، کـابرا لـە گیرفانی نێ، نەء کـە دختۆر لۆی نووسـی دەبـی بیخوا، تـالیش بی دەبی بیخوا، دەبی مومارەسە بکرێ تەمرین بکـرێ ژۆرێ، وەکی لاعیبی تۆپانێ وەکی کابرای ئاسن هە لگر، وەکی طەلەبەکەی وەکی سایەقی، هـەموو شتەك لەوجود تەمرینی دەوێ، ئەو ئیمانەش دەبی بە و نەوعەی ناسینی خوای بەو نەوعەی دەبی تەمرین بکرێ لـە داخیل، کەینێ ئەوها کرا، فیعلەن باری تەعالا چیایەکەی دەبینی بەفری ڕەحمەتی خۆشی زۆرە، بەفری ئەلطافی خـۆی زۆرە، بـە ئە طنان دەڕێژتە ناو ئەو قەلبەی ناو ئەو درەی ناو ئەو بەدەنەی، هیدایەتی دەدا، (وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ)(محمد ١٧).

خودا ئیمانمان سەلیم کا إن شاءالله، وەسائیلی تەقوامان بە نسیب بکا إن شاءالله، سەبەبی ڕەشادمان بە نسیب بکا إن شاءالله.

اقول قولی هذا و استغفر الله لي و لکم، سبحان ربك رب العزة عما یصفون، وسلام علی المرسلین و الحمد لله رب العالمین.

کێ سوئالی هەیە ئیستفساری هەیە؟

پرسیار/ ئایا ڕاستە ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێ (انە فکر و قدر ثم نصر) لەگەل وەلیدی کوری موغیرەیتی؟

وەلام/ سەبەبی نزولی ئەو ئایەتەی، سەبەبی نزولی دەرێن وەلید بن موغیرەیە، ئەمما بەس وەلید نییە هەرچی شەیطانەك مەفهومی خەلق و مەفهومی جەعل و تەمهید و ئەوانەی دەرسی پێشترێ لە خزمەتتان بەحسم کرد، ئائەوانەی ئیستیعاب نەکاو ئیمتیصاص نەکا عەکسی لۆ دروست دەبی حالەتی ضەلالەکەی، تازە بەحسمان کرد، ئەو ضەلالە ئەو حالە ضەلالیە ئەوە ئینتاج و ثەمەرەیتی، چ دەکا؟ دائیمەن تەفکیر دەکا خۆی خۆی ئیقناع کا لەو خەطەئانەی کە دەیکا.

مەثەلەن لۆ زولمێ دەکا؟ دەرێ زولم لە منیش کرایە ئەمنیش زولمی دەکەم، لۆ پیاوی دەکوژی، حەقم بەو طەریقەیەی نەبی ناتانم حەقم تەحصیل کەم، یەعنی خۆی خۆی ئیقناع دەکا، ئەو هەموو جوابانە

له کێ دروست دەبی؟ (إنه فكر)، وەرەقەو قەلەمی دەینی تەختیت دادەنێ، تەقدیر واضحه، جا ئا ئەو حالەته ئەگەر بێتوو تەعمیق ببی ئەوه دەبته مەطاڕ له بۆ شەیطانی ئاسمان، شەیطان هەیه له دەورو بەرمان دەسوڕێ پێیان دەگۆترێ شەیاطینی جن، ئەو ذاته دەبته مەطاڕ له بۆ ئیحائاتی ئەو شەیطانه ی، شەیطانی جن عیلاقه لەگەر ئا ئەو شەیطانەی دروست دەکا، ئەوەش دەبته شەیطان، شەهادەی دە درێتێ دەتبه پێغەمبەری ئەو شەیطانەی، (وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ) (الانعام١٢١)،وه حی،(وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ) (الانعام١٢١)، شەیطان وەحی هەیه.

شەیطان تەنزیلی هەیه، وەکو مەلائیکەت، (تَنَزَّلُ عَلَى كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ)،(تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ) تەنزیلی هەیه شەیاطین، هم وەحی هەیه شەیاطین، تەنزیلی هەیه شەیاطین، باشه له سەر کێ تەنزیل دەکرێ شه یاطین، له سوڕەتی دووەم دەفەرمی: (وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ هَمَّازٍ مَّشَّاء بِنَمِيمٍ مَنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ) (القلم٩_ ١٢)، ئەها کو مەلائیکەت تەنزیلی هەیه، مەلائیکەت وەحی هەیه، شەیاطینیش نەفسی شت تەنزیلی هەیه وەحیشی هەیه، على من تتنزل الشياطين؟ (عَلَى كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ) على كل أفاك أثيم، ئەو ذاته کو مەثەلەن باری تەعالا له بۆ ڕیسالەت ئینسانەکه ئیصطفاء دەکا، دەبی مواصەفاتی خاصی خۆی هەبی لۆوەی ببته پێغەمبەر ببته مەطاری وەحی خوای، بتانی جبریل و مەلائیکەتەکانیکه بێته خوارێ و وەحی له بۆ بکا، ئەو ذاتەش دەبی مومارەسه بکا هەتا ببته مەنبەعی وەحی شەیطانی، واضحه، ئەو مومارەسەیه چییه؟ (إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ثُمَّ نَظَرَ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ (المدّثر١٩_ ٢٣)، ئەوه هەمووی موختەبەریاتەکەیه، ئەو ذاته ئەو بەستەزمانه ئەوها جوهد صەڕف دەکا، خۆی مەشغول دەکا ماندی دەبی نەتیجه دەبته جێگری شەیطانی، واضحه.

پرسیار/ باشه ئەوەی مەشیئەی نەبی لەبۆ هیدایه، (سَأُصْلِيهِ سَقَرَ) لەگەر ویتی؟

وەڵام/ بەلێ (سَأُصْلِيهِ سَقَرَ وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ) (المدّثر٢٦- ٢٧) وما أدراك، ئائەوه مەڕاحیلی نیهایه تی ئا ئەو ذاتەی پیشان دەدا، بیلا تەشبیهـ، کا توخوا شتەکم بدێ موڕەبەع بی، ئا ئەوەم بدێ ئەوه، ولله مثل الأعلى باری تەعالا بیلا تەشبیهـ بیەوێ ئەوەمان لۆ بەحس کا، هەمووی پێکەوه بەحس ناکا جارەك ئەوەت نیشان دەدا، ئەمما ئەوه هەمووی نەك نیوەی، ئەوه هەمووی شکلەکه کوه هەمووی پشاندەدا، پاشان له سوڕەتەکیتکه ئەوهاپشانت دەدا، دیسان ئەوه هەمووی، ئەوه له ناو مێشکت دروست بوو ڕسمی ئەوەندەی ئەوه شتەت لۆ دروست دەکا، پاشان ئەوەت لۆ دروست دەکا، ئەوجه ئەوەت لۆ دروست دەکا ئەوجه ئەوەت لۆ دروست دەکا، پاشان هەمووی له پێش چاوت کەشف دەبی واضحه؟ زۆر جار باری تەعالا له قوڕئان نەتیجه تەقدیم دەکا پاشان سەبەب تەقدیم دەکا، زۆر جار ئەوه له قوڕئان، لۆوەی کابرا ئەصلەن ئیمان به قەضیه بینی.

مەڤەلەن ئێستا ئەمن كە سوڕەتی موددەثیر لێرە بەحسمان كرد، ئەمن چ بكەم موقابیلی ئەو سوڕەتەی؟ نەك بچم بەس قوڕئانەكەی تەمەشا بكەم ئەوها تێیگەیشتم تەواو، پاشان ئەگەر مامۆستا یان برادەر ئە وەی لە غەیری خۆمان حفز دەكا لێیبپرسین وەكی بەبەغا لۆی جواب دەدەینەوە، ئەوە ئەوها ناكرێ، كە ئەمن ئەو مەوقیعەیەم خیند لە قورئان بچم لە مارێ لێی دانیشم سێ سعات، كەلیمە كەلیمە موتابە عەی بكەم باشە ئەوە كو دەبی واضحە، ئەو خەلقە مەڤەلەن باری تەعالا بەحسی خەلق دەكا كوە ئەو خەلقە؟ كا دەلیلی باری تەعالای چییە؟ كا مەخلوقاتی دەبی ئەمن لەوەی بپێچم، كە پێچام لە بۆ مە وزوعەكەی ئەوجە حالەتەكە لە داخیلم دروست دەبی، نەك قەناعەت، دەبتە ئیمان، علم النفس بە ئیمان دەرێ بەدیهە، مەڤەلەن نان خواردن بەدیهەیە ئینسان نایبا لە بۆ پشتەوەی لۆ دەوی دەبا، تەمە شاكردن بەدیهەیە كە لە خەوێ هەردەستی چاو دەكرێتەوەو صووەڕ دەبینی رسم دەبینی شت دەبینی، دیوار و دەركەو بەتانیە و ئەوە بەدیهەیە، وەنییە؟.

مەڤەلەن چاوت كردەوە شەوێ لە غوڕفەی نووستبووی چاوت كردەوە خۆت لە بەغدایێ دیت ئەوە بەدیهە نییە، هەر یەكسەر كە چاوت كردەوە تەعەجوب دەكا های ئەوە چ بوو، ئەوجە نابی ئەوها ببی، ئەو تەعەجوبە نابی ببی ئەدنا شت واضحە.

مەڤەلەن ناوت كاك (عبداالله)یە، كاك عبدالله نووستبی لە حەفت خەوان بی كە گۆتیان كاك عبدالله بە خەبەر دێی، عیلمەن محەمەدیش لە تەنیشتت نووستبی هەزار جار با هاوار كەن محمد محمد بە بە فكرت نایێ بە خەبەرنایێ، لۆ؟ ناوت محمد نییە، لۆ ناوت محمد نییە؟ چونكی لە ناو داخیلی خۆت مومارەسەی موحەمەدیت نەكردییە، ئەمما ملیۆن جار گۆتیان گۆتیان عبدالله عبدالله نەیانگۆتیە محمد، لۆیە لە داخیلت بوویتە بەدیهە طەبع بووە واضحە برای من، دەبی ئەوها ئەو قوڕئانە ئەوها مومارە سە بكرێ، دانیشی لێی پاردەیەوە نیو سەعات سەعاتەك دوو سعات هەتا لە جوملەكەی دەگەی، پاشان ئەوجە مومارەسەی پێبكەی، خەلق، كو خەلق دەكرێ، (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً)(المدّثر ١١) لە گەر كێیتی؟ هل أنا خلقت جمیعا جمعا ئەمن خۆم؟.

مەڤەلەن ئەمن هاتم یەك هەزار نەفەریش ئەوها لە گەمن لە داكم بوو؟ نەء، وەحید لە دایك بوویمە ئە من بە تەنێ، لە دەرسی پێشترێ بەحسی فیعلی خەلقمان كرد كو باری تەعالا كو باری تەعالا خەلقی ئەو ذاتەی كردییە، دەبی فیعلەن ئەمن لە مارێ (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً) بەسەرداهاتم لە سەری ڕاوەستم، خۆمی تێدا ببینم، خۆم لە ناو زگی داكمم جارێ، پاشان ئەوە هاتمە دەرێ شیری دەخۆم شیری داكم دەخۆم، دەی سەبر سەبر ئەوانە ئەوە بە فكرم دادێ، پاشان (وجعلت لە) بەحسی ماڵمان كرد، (أموال منقولة)ەو غیر منقولة وەنییە لێرە بووی جەنابت؟ ئەوانەمان هەموو بەحس كرد، ئەوە

ئی کێیە؟ ئەمن وەکی هاتمە سەر دنیایێ ئەوەم لە بەر نەبوو وەنییە، هەمووی ئی باری تەعالایە هە مووی، خۆشم ئی باری تەعالام ئەوە جەعلەکەیە، تەمهید: ئا ئەو مومارەسەیە ئەو حالەتە دروست دە کا.

پاشان ئەگەر ئەوها نەبوو عەکس بوو؟ باری تەعالا لە قەطاطی عەکسی پشان دەدا، (سأرهقه صعود)ا إنه إنه لۆ؟ نالێ چونکی ئەوهای نەکرد ئەوهای نەکرد، ئەگەر ئیمانی هەبایە بەو حالەتە نەء ئەو حالەتە دروست نەدەبوو، ئیذەن ئیحتیاج ناکا بەوەی برێ ئیمانی نەهێنا، حالەکەی پشان دەدا ئە وجە بە موجەسەمی، دەم و چاوی پشان دەدا إنه نضر، إنه فكر، إنه قدر، عبس وبصر أدبر واستكبر وقال ئەوە هەموو مەراحیلی عیلمی نەفسە، یەعنی ئەو ذاتە لە داخیلی خۆی جوملەك تەغیرات دروست دەبی هەمووی سلبیە بەینی خۆی و بەینی داخیلی، شەیطانیش دەیداتێ لە خاریج تەزویدی دە کا، نەتیجەی چییە؟ (فقال إن هذا إلا سحر يؤثر)، ئاخر شەڕەی خۆشی دەزانی سحر چییە، واضحە برام ئەوجە وقیس علی ذلك یەعنی ئەوە هەمووی زەمەنی دەوێ، مەثەلەن ئەوها پێیدانەچین،(إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَفَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ثُمَّ نَظَرَ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ فَقَالَ) ئەو قەولە کو دە رچوو؟ جوهدی ویستییە لەو ذاتەی، ماندی بووە لە گەری، بینەو ببە کرایە لە گەری،ئیحائاتی خارجی تەسلیطی ئەضوائی لە سەر کرایە.

(إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ) (المدّثر ٢٥) ئائەوەنیهایەتیتی (سِحْرٌ يُؤْثَرُ)(المدّثر ٢٤) دووشتە، چونکی خاریجی طەبیعەتی وییە، جوملە شت هەیە لەگەر ئەو قوڕئانەی لەگە ماددەی ناگونجێ موهەیمنە لە سەر ماددە، باشە ئێستا کێ تەحویلی دەکا لە کێ گێی لێ دەبی؟ لە بەشەر بەشەرەکە کێیە؟ محەممەدە، ئیذەن دەبی لە هۆردووکان بدا، (إن هذا إلا قول يؤثر) ئەوە لە ئەثەری قوڕئانەکەیدا، چونکی قوڕئان بەحسی کەون و سەماء و فلان و فلان دەکا، ماددەتەن قوڕئان هەیمەنەی هەیە لە سەر ئەو ماددانە، پاشان لە کێ گێی لێ دەبی؟ لە بەشەر، بەشەرەکە کێیە؟ موحەممەدەکەیە، ئیذەن لە هۆردووکان دە دا،(فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ) (المدّثر ٢٤)، (إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ (المدّثر ٢٥)، لە هۆردووکانیدا، باشە لە قوڕئان بەس ئەو مەقطەعە ئەوهایە؟ نەخێر.

برۆ سەر حەزرەتی موساو فیرعەون، ئایەتەکەی أعوذ بالله من الشيطان الرجيم کەدەفەرموێ مە عنای ئایەتەکەی ئەوهایە: ئەو کابرایە (وَلَا يَكَادُ يُبِينُ) (الزخرف ٥٢)، خۆی نازانی چ دەرێ، چونکی ئەوی هەر گۆتییە ئەوە سەحرە، ئەوەی هینایتی سەحرە، عەضەمەتی سحرەکەیە ئەوە، لۆ لۆوەی فعلەن بتانی لە ماددەکەی نەتیجەی ثەمەرەی شتەکەی بدا، طەبعەن شتەکە ئەو وەختی خۆ کابرای موشریك ئەثەری پێغەمبەری دەدیت خۆ سحر نییە، باشە خۆ ئەمە پێغەمبەریشمان نەدیتیە، ئە

ثەریشمان نەدیتیە، ئەمما ئەثەرەكە ئەثەری قسەكەی لە سەرەمە دەبی واضحە، ئەوە ئەو قسەیە تیكرار دەبی لە گەر زەمان و مەكان، ئیعادە دەبتەوە حالەتی ئەثەری ئا ئەو قسە شەیطانیەی، (إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ).

باشە كێ دەیرێ؟ بەشەر، بەشەرەكە كێیە؟ محمەدەكەیە، (إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ) لەویشیدا، هۆردووك دێخی، زۆر زەكییە شەیطان، شەیطان زۆر موفەككیرە زۆر عاقلە، لۆیە لە قورئان لە خزمەتی قورئان بە دیقەت لە بۆی نەچین، بە هەموو سەطحیەت و عەفەوییەت با خەتم كەین ئەو سەر و ئەو سەری پێبكەین مانگێ ختمەكی بكەین، ئەوە مەطلۆب نییە لەمە، مەطلوب لەمە ئەوەیە بچینە ناو عومقی كونهی لۆ دووشتی گۆت؟ فكر، قدر، عبس، نضر، فلان، لۆ دوو ئینتاجی گۆ؟ لۆ یەكی نە گۆ؟ بەس بیگۆتبا (إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ) وەنییە؟ دەیتانی بەس وەبلێ، یان (إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ)، قول البشریش زۆرمان دیت ڕۆیشتن، فولان وفولان و ئەوە بوذەیە ئەوە فولانە، كۆنفۆشوسییەتە پێشی پێغەمبەری بوونە ئەوانە هەموو ڕۆیشتن نەفەریان نمایە، حەقیقەت و واقیعیان نمایە، وەنییە؟ دەیتانی یەك لەوانە برێ، یان ئەوە یان ئەوە، ئەوانە شەیاطینی خاریجی هەیە ئەوە ئینتاج دەكا، جوهد لەگەرە خۆی صەرف دەكا، لۆیە زۆر جار ئەمن و ئەتوو دەنوین شەیاطینی ئینس و جن نانووی واضحە.

ئەمن لە جێیەك لە مەقالەك خیندم، لە ئەمەریكا لە وەزارەتی دیفاع چار سعات دەنوون، مەسئولینە كان پەنجا هەزار مەسئول، بەس ڕۆژێ بیست و چار سعات چار سعات دەنوون، بە بەلایین ئەجهیزە شیان هەیە، ئەمن و جەنابیشت لێدەدەین خرپەمان دێ تەقەی سەرمان دێ، تێدەگەی برام شەیاطین ئیش دەكا، فكر قدر عبس نضر أدبر، یەعنی تەمەشای بینە پێش چاوی خۆت ئەو ذاتە لە ناو غورفە كییە، ماندی بووە دێ و دەچی، أدبر مەوضوعەكەی لە پێشە، ناتانی كو حیلەی لێ پەیاكا، ئەو سەر و ئەو سەری دەكا هەمووی حەقیقەتە، ئەمما نەء، كو بلا تشبیە بلا تشبیە ولا تمثیل خودای بە چاوی خۆی ببینی، قسەی لەگەر بكا ئەوجا برێ واللە ئیمانت پێ نایەنم، ئەوها بوو ئەو موجریمە، ئەوە مە فهومی حەقیقەتی كوفرە، ئەوەش ئەوهایە هەموو حەقیقەت لە پێش چاویتی، ئەمما تەحەدییەن فكر دە كا و ئەوها دەكا لۆوەی بگاتە ثەمەرەی لە هۆردووكان، هۆردووك ئەصلە لە قەضیە خودا ڕەحممان پێ بكا لۆ خاتری گەورەیی خۆی.

پرسیار/ مامۆستا وەیە شەیطان زۆر عاقلە؟

وەلام/ بەرێ، ئەگەر حاشاکی حازری جەمعی موسوڵمان طەبعەن عەقل ئینتاجی ئێرە نییە ها{مامۆستا ئاماژە بۆ سەر دەکا} ئینتاجی قەلبە، عەقل لە مێشك نییە باری تەعالا دەفەرمی: (لهم قلوب لا يعقلون بها) چاکە، ئەگەر ئەمە قەلبمان نەبوو عەقلمان نییە، ئەو بە عەکسەوە قەلبی نییە ئە مما جیهازەکی هەیە ئینتاج دەکا، ئینتاج دەکا کە ئینتاج دەکا عەقلیەن لە بۆ من دێ، مەثەلەن بەمن دە لێ ئەمن و ئەتوو مەسەلەن ئەمە گەنج بەمە ناری بڕۆ عارەقێ بخۆ، نەء عەیبە لە ڕدێنمان ناوەشێ وەنییە، بەمە ناری بڕۆ فلان ئیشی فاحیشە بکە نەء، بەمە دەرێ سبحان الله بزانێ ئەو موسوڵمانە فلانە چی کرد، ئەها لە خوتبەی فلانێ غەرەتی گۆ، ئەها فلان موسوڵمان لە گەڕەکی مە لە دەرسە کی ئەوهای گۆ فلان موشکیلەی ناوە.

ئەها ئیذەن شەیطان بیلا تەشبیهـ برێین داخیلی مە وەکی برێین پاڕکی بی برێین شتەکی بی جیهازە کی بی، ئەویش جیهازی خۆی هەیە کاشیفەك کە لە داخیلمان دەدا دەزانی نوقتەی ضوعفی مە چییە، لە نوقتەی ضوعفەوە لۆ مە دێ، لەو نوقتە ضوعفەوە دێ، حەتمەن دەبی تەخطیطی هەبی، حەتمەن دەبی ئیدڕاکەکی هەبی، طەبعەن کەلیمەی تەخطیط بەینی من و توو قسان دەکەین، ئیدراك بەینی من و توو، ئەوە هەموو ئینتاجی زیرەکی و عەقلی ئەو شەیطانەیە، باری تەعالا هەمووی ناونایە کەید، کەیدەکە بەرامبەر کێ ضەعیفە؟ بەرامبەر ئەو موئمینەی فیعلەن بیناسی، چونکی شەیطان بیست و شەش طەڕیقەی هەیە لە بۆ ئیحتیکاك کردن لە گەر ئەو مەجموعە کە ئەمە ناومان لە خۆ نایە ئینسان، هەر لە گەر ئەنبیاء و ڕوسول دەست پێ دەکا هەتا کالأنعام.

مەثەلەن لە بۆ ئەنبیاء و ڕوسول ئیلقاء دەکا، طەبعەن کەلیمەك هەیە شەیطان دەچتە ناو بەدەنی ئینسانی، یان جن دەچتە ناو بەدەنی ئەوە نییە ئەثەری لە قوڕئان، ئیلقاء حالەتەکە موعەیەن، پێغەمبە رەکە عليه الصلاة والسلام محاوەلەی ئەوەی دەکا باشترین طەڕیقە پەیا بکا لە بۆ دەعوە، ئەو لە پە نای شتەکی لە بۆ ئیضافە دەکا، لە پەنای شتەکی لۆ ئیضافە دەکا والله ئەوهاش بکەی باشە باشە خۆ واضحە، نەك لە بۆ مە مەثەلەن ئەمن فلان شتم دیت فلان برادەرم دیت فلان موسوڵمانم دیت فلان مەسئولم دیت لە حالەتەکی کە ڕسمم گرت یەکسەر ئەوەی نەشرکەم، ئەو ئەوها نارێ بە پێغەمبەر چونکی ئیشی خراپ ناکا، هەرچی دەکا چاکەیە، ئەو لە بۆ چاکە(إِذَا تَمَنَّى أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ)(الحج ٥٢)، چ تمنی؟ پێغەمبەر چ تەمەننا دەکا؟ بەشەرییەت هەمووی هیدایەت بدرێ لە سەر دەستی وی وەنییە، ئەوە تەمنیاتی ئەنبیاء و روسول، لەگەروەش شتی لە بۆ دروست دەکا، (فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ)(الحج ٥٢)، باری تەعالا دێ تەعدیلات دەکا لەوێ، یەکسەر خەتی سۆر ئیستیعمال دەکا سەریع، ئەوە نەسف ببی لۆوەی تەئثیر لە سەر ڕیسالەی ڕەسولەکەی نەکا.

ئەوجە شەیطان فیعلەن ئەگەر هاتوو ئەمە لەو ذەکائە ئیمانیەی نەبین فیعلەن ئەو لەمە زیرەکترە، مە سەلەك هەیە مەسەلەك هەیە لە بەینی خۆمان زۆر جار دوو نەفەر شەڕیان دەکرد، ئا ئا یەك یەکەکی لە عاردیدا، ئەوەی لە سەر سینگی ئەوەی لە عاردی دایە لە سەر سینگی دانیشتیە، ئەوەی بنێ بە کابرای سەرێی گۆ واللە خۆ ئەمن دەزانم ئەتوو هیچی ئەمما ئەمن لە توو هیچترم، شەیطانیش ئە وهایە، یەعنی کەینێ ئەمەی لە عاردی کوتی خۆ دەزانین ئەو هیچە ئەمما دیارە لەو حالەتەی ئەمە لە وی هیچترین واضحە ئاە.

پرسیار/ مامۆستا ئەگەر بکرێ هەندەك باسی تەصانیفی بەشەرمان لۆ بکەی، وەلام/ بەحسی تە صانیفی بەشەرمان کرد جارەك دیارە لەو وەقتیەوە لەقفت کردیە مەوضوعەکە، بەشەر تەصانیفی هە یە وەك طەڵەبەی مەکتەبێ ڕەوزەی، بلێین ناوی یونسە کاك کارزان بلێین، کاك کارزان لە ڕەوزەیە، هەر نەفسی کارزانە نەفسی چاوو گێیە دەچتە ئیبتیدائی، نەفسی نەفەرە نەگۆڕایە نەفسی داك و بابی هەیە، نابتە عمر ناگۆڕێ هیچ شتی ناگۆڕێ، بەس چییە بەدەنی گەورە دەبی، مێشکە نابتەوە، شانە کانی خەلیەکانی مێشکی زیاد ناکا.